وەزارەتی پلاندانان ڕێژەی بەکارھێنانی مۆبایل و ئینتەرنێتی عێراقییەکانی دیاریکرد

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی پلاندانان ڕێژەی بەکارھێنانی مۆبایل و ئینتەرنێتی عێراقییەکانی دیاریکرد.

وتەبێژی وەزارەت عەبدولزەهرە هنداوی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: دەزگای سەنتەری ئامار ڕاپرسییەکیلەسەر بەکارھێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان بۆ خێزان و تاك بۆ ساڵی 2022 ئەنجامدا، وئاماژەی بەوەشدا: لەسەدا 68ی عێراقییەکان کە تەمەنیان لە سەرووی 5 ساڵەوەیە مۆبایل بەکاردەهێنن،و ڕێژەی بەکارھێنانی تەلەفۆنیش لای ڕەگەزی نێر دەگاتە لەسەدا 90، لەبەرامبەردا لەسەدا 81 ڕەگەزیمێن.

ئاشکراشیکرد: ئەنجامی راپرسییەکە دەریخستووە ڕێژەی ئەو کەسانەی مۆبایل بەکارناهێنن تەنها لەسەدا14 بووە.

رونیشیکردەوە: ڕێژەی بەکارھێنانی مۆبایل لە پارێزگای بەغداد زۆرترینە و گەیشتووەتە (97%)، دواترپارێزگای نەجەفی ئەشرەف بە ڕێژەی (93.5)، دواتر پارێزگای بەسرە بە ڕێژەی کەمێك کەمترەو دەگاتە(93%)، و پارێزگای کەرکوك پلەی چوارەمی بەدەستھێنا بە ڕێژەی (92%)، پارێزگای واست بە ڕێژەی(72%) پلەی پێنجەمی بەدەستھێناوە.

هنداوی ئاماژەی بەوەشکرد: ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەریخستووە کە ڕێژەی ئەو کەسانەی تەمەنیان (5)ساڵ و سەرووترە و مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنن گەیشتووەتە (92%)، بە بەراورد لەگەڵ (10%) کەمۆبایلەکی ئاسایی بەکاردەهێنن.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، هنداوی ڕایگەیاند: ڕێژەی ئەوکەسانەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن کە تەمەنیان (5) ساڵ و سەرووترە گەیشتووەتە (79%)، بەم شێوەیەدابەشکراوە:

(85%) بۆ نێر و (72%) بۆ مێ.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، هنداوی تەئکیدیکردەوە: کە بەغدادی پایتەخت لە پلەی یەکەمدایە لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت بە ڕێژەی (96%)، دواتر پارێزگای بەسرە (92.5%)، پارێزگای کەرکوك(85%) و نزمترین ڕێژەی سەدی بۆ پارێزگای موسەننایە بووە (62%)، و وتیشی: ئەنجامی ڕاپرسییەکەئاماژە بە زیادبوونی ڕێژەی ئەو خێزانانە دەکات کە لە ماڵەوە هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە بە (87%). لەسەرئاستی ژینگەیی، دەرکەوتووە کە ڕێژەکە لە شارەکاندا گەیشتووەتە (92%) بە بەراورد بە (83%) لەلادێکان.